www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:39 15-2-2007

## من و ڤالانتین ... ڕزگار گوڵباخ

شەوی عارفەی، ڕۆژی خۆشەویستی جیهان
پاش هیلاک بوونی پێڵووی چاو، پاش وەنەوزدان
لە سەر پێخەفی تەنهاییم خەوم لێکەوت
لەخەومدا و لە ژێر خێمەیەکی ڕەشدا
چاوم بە ژنە قەرەجێکی
دەست و پەنجە خاڵاوی و
چاو ی ڕەش بە کل ڕێژراو کەوت
ووتی:
دەستی ڕاستم بەرێ
تا ئاییندەت بخوێنمەوە
تا پێت بڵێم:
تۆ شێت و شەیدای کام شۆخیت
تا خەمت بڕەوێنمەوە
کە دەستی ڕاستی من گرت
لەپی دەستم بۆ کردەوە
کە لە لەپی دەستی ڕوانیم
ڕەنگی گۆڕا، دەنگی گۆڕا
بۆیە منیش
لە ترساندا، خۆم خۆمم خەبەر کردەوە
کەچاوەکانم کردنەوە
دەم و چاوم، عارەقی ترسی لێ دەتکا
کەمێک چاوم هەڵگڵۆفی، ئەوسا بینیم
ئەوە قەشە ڤالانتینە
لەگەڵ کازیوەی دەم بەیان، بانگم دەکا
ووتی هەستە، ئەوەتانێ
سەرجەم عاشقانی دنیا لەگەڵ یەکن
شەکرە ماچی
عەشق و ئەوین دەبەخشنەوە
دوو دوو، دە ست لە ملانی یەکن
ووتی هەستە، ئەوەتانێ
دار و بەردی ئەم دنیا یە سەما دەکا
وا کۆتریش بە گمە گم ئەوین دەکا
ماچی خۆشەویستی دەکا
ووتم، بۆ من
ئەمڕۆش و دوێنێ و بەیانیش وەکو یەکن
دوێنێ تەنیا
ئەمڕۆش تەنیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سبەینێش هەر تەنیا دەبم، ڕۆژەکانم وەکو یەکن
کام ڕۆژی مانگ
کام ڕۆژی ساڵ
یان کامە ڕۆژی هەفتەکە
لەدەریای ئەشق و ئەویندا
ماسی خۆمم لەگەڵدا بێ
چاو ڕەشی خۆم، شیرینی خۆم لەگەڵدا بێ
ئەو ڕۆژە لای من دەبێتە
ڕۆژی خۆشەویستی جیهان
ئەو ڕۆژە لای من دەبێتە
ڕۆژی ئەشق و وەفاداری و
دەست لە ملانێ و تێک ئاڵان
من چی لە ڕۆژێکی ساڵ کەم
خۆشەویستم لەگەڵ نەبێ
من چی لە ڕۆژێکی ساڵ کەم
لێوم تێری ماچی لێوی شیرین نەبێ
من چی لە ڕۆژێکی ساڵ کەم
گەر دەریای ئەشقم ووشک بێ
ماسییەکەمم لەگەڵ نەبێ
ووتم
ئەی قەشە ڤالانتین
لەدەرگای ماڵانێک بدە
کە دوو عاشقی تێدابێ
نەک وەکو من
تاک و تەنها لەناو پێخەفی خۆیدا بێ
ووتم
ئەی قەشە ڤالانتین
لەدەرگای ماڵانێک بدە
کە بۆن و بەرامەی
ئەشق و سۆز و ئەوین، کاست بکا
کە دوو عاشق
بە نەرمە ماچ بتوانێ پێشوازیت بکا
ووتم
ئەی قەشە ڤالانتین
ڕێگەم بدە بنوومەوە
تا بتوانم، لە ژێر ئەو خێمە ڕەشەدا
ژنە قەرەج ببینمەوە
تا دەستی ڕاستی من بگرێ و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە لەپی دەستم بڕوانێ
تا پێم بڵێ
لە کام دەریا
ماسییەکەی خۆم دەبینمەوە
تاپێم بڵێ
لە شەکراوی کام باڵەخانەی ئەشقدا
شیرینی خۆم دەخۆمەوە
تاپێم بڵێ
ئاخو کەی بێ و کەی بتوانم
ئەو شۆخەی کە خۆشم دەوێ
جارێکی تر لێم وون نەبێ و بتوانم بیدۆزمەوە
ڕۆژی خۆشەویستی 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.